کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
30-9-2007 2:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**بۆ داهاتوو ... هێمن ڕەئووف**

www.hemnrauf.kurdblogger.com



وەرە هاوڕێم
با پێکەوە بزمارێکی پۆڵایین بین
پارچەکانی ئەم پەیکەرە داریینەمان
توووند و تۆڵ کەین
وەرە با (با) ی شەماڵێ بین
گوڵ و خونچەی ئەم باخچەیە
پڕ لە ڕەنگ و پڕ لە هەست کەین
وەرە و با وەک
گوێ چەمێکی
دەم گوندێکی نیشتیمان بین
هەم باڵندە و
هەم پەپولە و
هەم عاشقان لە لە باوەشمان
شادمانکەین.
وەرە هاوڕێم
با پێکەوە
گزنگێکی دەم بەیانی
ئەم وڵاتە خاپورە بین
با پێکەوە باراناوی
ئاسمانێکی
پڕ لە فرمێسک و لە خەم بین
تابتوانین
پیسییەکان بشۆینەوە و
شەخەڵ و پیسی نەهێڵین
بۆ بەهاریش
لە پێدەشتی
زەمینی ئاڵتونییماندا
سەوز سەوز
گژوگیایەکی ڕەنگ گەش و
گوڵو گەڵای پڕ لە بۆن و
پڕ لە هێمای ئاوەدانی
بۆ داهاتوو بەرهەم بێنین.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.